کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕۆژی دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردن ئاشکرا کرد

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، نیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند, لە بەیانی چوارشەممە (25ـی ئەیلوولی 2024) بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکات و ئاماژەی بەوەشکردووە، لە ڕۆژی 15ـی تشرینی یەکەمی 2024 بانگەشەی هەڵبژاردن کۆتایی دێت.

ئەوەش خرایەڕوو، لیستی کاندیدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی پەسەند کراون کە ژمارەیان هەزار و 190 کاندیدە بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان.